لێکۆڵینەوە

هەردەوێل کاکەیی [١]

# هیجری دەدەی کاکەیی «١٨٧٧ - ١٩٥٢ز»

هیجری دەدە ناوی مەحموود کوڕی مەلا عەلی کوڕی مام نەزەر کوڕی مام قەیسەری کاکەیی‌یە . ناوی دایکی زەینەبە . لە ساڵی ١٨٧٧ی‌زدا لە شاری کەرکووك لە خێزانێکی ئاین پەروەر بۆ یەکەمجار چاوی هەڵهێناوەو هاتووەتە رووی جیهان . لە تەمەنی (١٤) چواردە ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە .

هیجری شاعیرێکی بەناو بانگە . زۆر کەس لە قەڵەم بە دەستانی کوردو تورکمان لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا زانیاریان دەربارەی ئەم کەڵە شاعیرە نووسیوەو هەموویانیش شانازی پێوە دەکەنو بە شاعیرێکی پایەبەرزی لە قەلەم دەدەن .

شاعیر کوردیو عەرەبیو تورکیو فارسی گەلێ بەباشی زانیوە ، شیعری بەکوردیو تورکیو فارسی وتووە بەلاّم زۆربەی ئەو شیعرانەی کە چاپ کراوە تورکیو فارسی‌یە . نازناوی (هیجری) بۆ شیعر نووسین هەڵبژاردووە ، گەلێ بەرهەمی لە پاش بەجێ ماوە بەشێکیان لە چاپ دراوەو بەشێکیانیش تائێستا بلاّو نەکراوەتەوە لەوانە کۆمەڵە شیعرە کوردی‌یەکانیەتی ، نووسەری تورکمان مامۆستا ( عبداللطیف بندر أوغلو) لە ل (٣٥)ی کتێبی (هجری دەدە) لە ئامادە کردنو نووسینی مامۆستا (أیدن عبدالقادر عبدالجبار)ەو لە سەر ئەرکی دەزگای رۆشنبیری تورکمانی لە ساڵی ١٩٨١ی‌ز بلاّوکراوەتەوە دەڵێت : لە ساڵی ١٩٦٠ی‌ز کۆڕێکی ئەدەبی لە بەغدا بەسترا بۆ ئەدیبانی تورکمانی لەو کۆڕەدا گەلێ شاعیرانو رووناك بیران ئامادە بوون لەوانە شاعیری بەناو بانگ (محمد مهدی الجواهری)و شاعیری بەناو بانگ (عەبدوڵلا گۆران) وەهەردوکیانیش دەرهەق هیجری دەدە وتاریان خوێندەوە .

مامۆستا (عطا ترزی باشی) لە ل (١٠)ی هەمان سەرچاوە دەڵێت : هیجری دەدە (٢٢) کتێبی داناوە هەندێکیان بلاّو کراوەتەوەو زۆربەیانیش تائێستا چاپ نەکراوە لەوانە کۆمەڵە شیعرە کوردی‌یەکانیەتی .

شاعیرمان خوێندنی لە کەرکووك لای ئەم زاتانەی خوارەوە تەواو کردووە :—

«مەلا محەمەد ئەفەندی . مەلا رەزا ئەفەندی . عەلی حیکمەت ئەفەندی» . بەلاّم وانەی رێبازی کاکەیی لەم زانا ئاینی‌یانەی کاکەیی وەرگرتووە «مەلا فەتۆش — (فتح‌الله) کوڕی حەویش ، مەلا زەینەلّ . سەی محەمەد عەبەلە . سەی سلێمان پەلکە زێرین» .

مەحموود هیجری لە ساڵی ١٩١١ی‌ز بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی (السلطانیه) لە کەرکووك ماوەی سێ ساڵ لەم قوتابخانەیە کاری کردووە ، لە پاش ئەوەی ئینگلیز عێراقی داگیر کرد ئەو قوتابخانەیە داخراوەو شاعیرمانیش تووشی گەلێ کۆسبو نارەحەتی بووە وە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دیسان کرایە مامۆستاو لە قوتابخانەی (القلعه) لە کەرکووك .

شاعیر بووەتە بەرێوەبەری رۆژنامەی (کەرکووك) لە ژمارەی (٦٦)ەوە ، ئەو رۆژنامەیە (٤٦) ساڵ بەردەوام بووە لە دەرچوون لە ساڵی (١٩٢٦ز)ی یەوە تا ساڵی ١٩٧٢ی‌ز .

هیجری جگە لەوەی شاعیرە رۆژنامە نووسیش بووە ، زانایەکی پایەبەرزی بەناوبانگی ئاین پەروەری (کاکەیی)یش

ـوە بە زۆری هاتو چۆی ئەو گوندانەی کردووە کەوا هۆزەکەی ـی‌ی نیشتەجێن وەکو گوندەکانی دەوروبەری (تاوغ = ـ قوق) ، تۆپزاوە ، عەلی‌سەرای ، عەرەب‌کۆیی ، مەتیق ، ـەنقر .

گوندەکانی دەوروبەری کەڵەك یاسین ئاغا لەوانە : سفێدە ، مەطراد ، هەروەها هاتو چۆی خانەقینو مەندەلی‌و سلێمانیشی کردووە ، خەڵکی گەلێ خۆشیان ویستووەو ڕێزیان ـی‌ی گرتووەو بەگەرمیەوە پێشوازیان لێ کردووە .

لەگەڵ شاعیری نەناسراو باوەئەسەد مەندەلاویدا گەلێ دۆستو برادەر بووە ، هەرچەندە ڕۆیشتووە بۆ شاری مەندەلی ئەوە ماڵی باوەی ناوبراو خانە خوێی بووە بەڵام بەزۆری هاتو چۆی دێ‌ی سفێدەی کردووە چونکە لە دانیشتوانی دێ‌ی ـوبراو بەدەیان بنەماڵەی کاکەیی هەن مووریدی باپیرەی هیجرین واتە (مام نەزەر) . بەزۆری ئێواران لەگازینۆی (مەجیدیە) لە کەرکوك دانیشتووە چونکە زۆربەی شاعیرانو نووسەرانو گۆرانی بێژانی شاری ناوبراو لەوێ یەکیان دەگرد .

شاعیر پلەی زانیاریو زیرەکی بەرز بووە ، پیاوێکی هەق خوازو ڕاست بێژو نیشتمان پەروەر بووە . هەمیشە تێکۆشاوە بۆ پێشکەوتنی ولاتەکەی ، هەژارانو داماوانی خۆش ویستووە ، داوای بەختەوەریو سەرفرازی کردووە بۆ میللەت ، ئارەزووی یەك گرتنی خەڵکی کردووە ، حەزی لە جیاوازیو بەربەرەکانی نەکردووە ، جیاوازی نەدەکرد لە نێوانی ئاینی موسڵمانو مەسیحی یان ئەو ڕێبازەکانی تر .

دژی ئیمپریالزمو صەهیۆنی بەتوندی ڕاوەستاوەو داوای مافی ڕەوای میللەتی فەلەسطینی کردووە .

لێرەدا دەمانەوێ وچانێ بخۆینەوەو هیجری دەدە بەجێ بهێڵینو بچینە سەر باسی سەرگوزەشتەو ژیانی باپیرەی کە ناوی مام (نەزەر = نەظەر)ە هەندێ زانیاری دەربارەی ئەو پیاوە نەمرە بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی رووناك بیرانو خوێنەران شتێ دەربارەی بزانن‌و هیجری دەدەیش باشتر بناسن .



(هجری دەدە)

مام نەزەر یان دەروێش نەزەر گەرمیانی کوڕی مام قەیسەر کوڕی مام حەمە کوڕی مام هەیاس کوڕی مام هۆشیاری کاکەیی‌یە بەتیرە (مام = خەلیفە)یە کە پلەی دووەمە لە ڕێبازی کاکەیی ، ئەم پلەیە لە پاش سەید دێت . لە نەوەی ناوداری پایەبەرزی سەدەی حەوتەمی کۆچی خەلیفە عەزیزی شارەزووری‌یە کە یەکێکە لەیارە مەزنەکانی سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسیٰ‌ی بەرزنجی دانەری ڕێبازی کاکەیی ، پلەی (مام)ی = (خەلیفە)یی لەو زاتەوە بۆیان ماوەتەوە .

دەروێش نەزەر لە ساڵی ١٧٨٦ی‌ز لە شاری کەرکووك هاتووەتە دنیاوە ، زانایەکی هەرە بەناو بانگی پایە بەرزی هۆزی کاکەیی‌یە لە سەرانسەری ولاتی عیراقدا ، بە وەلی‌یەك یان سۆفی‌یەکی خاوەن کەراماتو موعجیزات ناسراوە ، لای کاکەیی‌یەکان زاتێکی پیرۆزو مەزنە ، گەلێ سروودی سۆفیگەرێتی بە شێوەی کوردی‌و تورکی هۆنیوەتەوە بەرهەمە کوردی‌یەکانی بەشێوە زاری (ماچۆ)یە ، دوو دیوانی بلاو نەکراوەی بەدەستم کەوتووە یەکێکیان بە کوردی‌یەوە ئەو تریان بەزمانی تورکی‌یە ، لە ناوەرۆکی سروودەکانی وادەردەکەوێ پیاوێکی وریاو زیرەكو خوا پەرستێکی ڕاستەقینە بووە ، ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق شارەزووری گەلێ کاری تێ کردووە ، هەرگیز هۆنراوەی مەجازی نەنووسیوە ، پیاوێکی سەر بەرزو ڕاست گۆو هەق پەروەر بووە ، ڕێگەی سۆفیێتی گرتووەتەبەر ،

کەم کاکەیی هەیە لە سەرانسەری عیراق ناوی ئەم زاتە مەزنەی نەبیستبێ‌و شانازی پێوە نەکات زۆر کەس بە تایبەتی پیاوو ئافرەتە ئاینی‌یەکان زۆریان لە بەرهەمەکانی لەبەر کردەووەو لە ئاهەنگە ئاینی‌یەکاندا دەیخوێننەوە . بە شێوەیەکی گشتی لای کاکەیی‌یەکان ئەم زیاتر ناسراوە لە هیجری دەدەی کورەزای ، بە ناوبانگترین کەس لە قوتابی‌یەکانی شاعیری سۆفیگەری مام پیر وەیس (١٨٣٧-١٩٣٢ز) کوری محەمەد ئەمینە کە ناسراوە بە (سیاەبیم) لە بنەماڵەی (خوبیلە)یە هەروەها زانای پایە بەرزی کاکەیی مەلا صەمەد (١٨٦٩-١٩٣٥ز) کوری مام پیر وەیس‌و سەی فەتاح مستەفایی (١٨٣١-١٩٢٩ز) .

سۆفی نەزەر لای زانایانی ئەو سەردەمە لە شاری کەرکوك زانیاری وەدەست هێناوەو لەگەڵ خوێندن‌و نووسیندا دۆستایەتی پەیدا کردووە . لە دروست کردنی خانوو کۆشك‌و تەلار کردندا دەستێکی باڵای هەبووە . هەرچی خانوویەکی دروست کردووە مێژووی دروست کردنی ئەو خانوەی لەگەڵ ناوی‌خۆیدا لە سەر پارچە بەردێکدا نووسیوە لە رووی ناوەوەی بان دەرگاکە هەڵیواسیوە بۆ ئەوەی لە پاشە رۆژدا بزانرێ ئەو خانووە لە چ ساڵێکدا دروست کراوەو کێ دروستی کردووە . پیرە پیاوانی کاکەیی چ لە شارو چ لە لادێ گەلێ شت لە کەرامات‌و موعجیزاتەکانی دەگێرنەوەو لە ناو خەڵکیدا باسی لێوە دەکەن هەندێکیان بە عەقڵی مرۆڤی ئەمرۆوە ناڕواو هەر وەکو ئەفسانە دێنە خەیاڵ لەوانە : دەڵێن گوایە جارێکیان رژێمی گەندەڵی عوسمانلی مام نەزەر لەگەڵ پیر وەیس (سیاە بیم)دا لە شاری بەغدادا بەند دەکەن . مام نەزەر هەموو ئێوارەیەك خۆی دەکات بە کۆترێ‌و لە شەققەی باڵ دەداو دەفڕێ بۆ سبەی بەیانی دیسان دێتەوەو خۆی دەکات بەژووری بەندیخانەکەدا . جەندرمەکان دەکەونە چرپە چرپ‌و خەبەری ئەفسەرو بەرێوەبەران دەدەن ئەوانیش ئەم باسە بەمێشکیانەوە ناڕوا . لە حەوشەی ئەو بەندیخانەدا دار خورمایەکی بەرز دەبێ مام نەزەرو پیر وەیس شەتەك دەدەن‌و بە زنجیر توند دەیانبەستنە دار خورماکەوە ، شەو دێ بەسەریاناو سبەی دەبینن هەردوو دەستیان کراوەتەوەو دار خورماکەیش لە رەگو ریشەوە هەڵکەنراوە ، کاتێ بەرێوەبەران ئەم موعجیزەیە دەبینن گەلێ سەریان سوڕ دەمێنێ‌و دەست بەجێ فەرمان دەدەن رزگاریان دەکەن . ئەم باسە یەکێکە لە دەیان کەرامات‌و موعجیزاتەکانی مام نەزەری مەزن .

مام نەزەر دەنگ‌و ئاوازی گەلێ ناسك‌و خۆش بووە ، بۆ سروودەکانی خۆی ، ئاوازی تایبەتی داناوە ، دەتوانین بڵێین ئاواز دانەریش بووە تا ئێستایش ئاوازەکانی لای هەندێ پیاوە ئاینی‌یەکان پارێزراوەو دەیلێنەوەو ناویان ناوە . ئاوازی (نەزەری) .

دەروێش نەزەر یەك کورێکی لە پاش بەجێ ماوە ئەویش مەلا عەلی‌یە لای کاکەیی‌یەکان بە (مورید عەلی) ناسراوە باوکی مەحموود هیجری دەدەیە .

نەزەر بە زۆری هاتو چۆی هەموو ئەو شوێن‌و ناوچانەی کردووە کەوا لەو سەردەمەدا هۆزەکەی لیێ نیشتەجێ ببون وەك : «شۆراو ، لەیلان ، کەوەڵە ، قەرەسەن ، چەمچەماڵ ، هەفتەغار ، قەڵخانلوی ، تەپەلوی ، بەیانلوی سیامەنسوور ، باوا ، نەوجوول ، هەردەوێڵ ، عەلیاوا ، کوڵەکانی ، حوسێنی ئیسلام ، ئاغجەمەشەت ، سنگوور ، چۆڵمەك ، گورگەیی ، هاوار ، سلێمانی ، بەتایبەتی دێی سفێدە مەطراد کە سەر بەکەڵەك یاسین ئاغان لە ناوچەی هەولێر . جگە لە گۆرەکەی دوو زیارەتگای هەیە یەکێکیان لە کەرکووك لە گەرەکی (چای)یە لە خانووە کۆنەکەی خۆیدایە کە لە ساڵی (١٣٠٣ك) مەلا عەلی کوری تازەی کردووەتەوە ئەوی تریان لە نزیك دێی (مەطراد)ە خەڵکی بەتایبەتی موریدەکانی دەچنە زیارەتی .

مام نەزەر گەلێ موریدی هەیە زۆربەیان لە دێی سفێدە دادەنیشن‌و هەندێکیشیان لە کەرکوکن ، موریدەکانی بە (نەزەری) دەناسرێن واتە موریدی (مام نەزەر) ئێستایش ئەو

موریدانەیان پەیوەندیان لەگەلْ مام مزهر (مظهر) ئاغا کوری مام مەدحەت هەیە کە دانیشتووی شاری کەرکووکەو بەرزترین و بەناو بانگترین کەسە لە بنەماڵەی مام نەزەر . پیاوێکی روو خۆش و قسەزانە ، کاکەیی پەروەرە ، لە ساڵی ١٩٣٨ ی ز لە کەرکووك گەرەکی چای هاتووەتە دنیاو ، مام مزهر بە یەکێ لە سەرەك هۆزەکانی ئەمرۆی کاکەیی دەژمێررێت .

سۆفی نەزەر گەلێ خزمی نزیکی هەیە بەشێکیان لە شاری کەرکووك دادەنیشن و بەشێکیانیش لە گوندەکانی ناوچەی کاکەیی لە هەرێمی (داقوق) ئەوانەی لە کەرکووك دادەنیشن ئەمانەن :—

«مام مزهر ئاغا ، مام فیکرەت ، مام عەونی ، مام فائیق کوری مەحموود هیجری دەدە ، مام صوبحی ، مام لەطیف ، مام حەمید ، مام رەشید ، مام عەزیز کاچێ ، مام ئەحمەد ، مام ئیسماعیل ، مام عەلی» . ئەوانەی لە لادێ دادەنیشن ئەمانەن : «مام خەلیف و مام عەبدوڵلا لە گوندی تۆبزاوە ، مام رۆستەم و مام عەطیەو مام مەحموی لە دێی زەنقر» .

مام نەزەر ناز ناوی بۆ خۆی دانەناوە ، سروودی ئاینی بەناوە راستەقینەکەی خۆیەوە وتووە ، کۆتایی بەسروودەکانی بەم شێوەیە پێ دێنێ :—

یە (نەزەر) واتەن کەمتەر چەوشانەن
ئەممان دامانگیر شاهی مەردانەن .

یان دەڵێ :—

یە (نەزەر) واتەن زوو بازرگانەن
غولام ئیخلاصی شای لامەکانەن .

دەروێشی پایە بەرزمان لە ساڵی ١٨٧٥ ی ز لە تەمەنی (٨٩) ساڵیدا ئەمرێ خوا بەجێ دەهێنێ و لە گۆرستانی (ئەبو عولگ) لە شاری کەرکووك بە خاك سپێرراوە .

خوێنەری بەرێز : بالێرەدا مام نەزەر بهێڵینەجێ و دیسانەوە بەرو بارخانەو هەوار بگوێزینەوەو بچینە سەر باسی هیجری دەدە ، خوا لێخۆش بوو مامۆستای بەناو بانگی کورد



مام نەزەر

(علاءالدین سجادی) لە کتێبی (یادی پیرە مێرد)دا کە لە ساڵی ١٩٥١ ی ز لە چاپخانەی مەعارف لە بەغدا لە سەر ئەرکی خۆی لە چاپ دراوە چوار پارچە هۆنراوەی هیجری دەدەی بلاو کردووەتەوە کەوا لە لایەن شاعیرەوە لە ماتەمی پیرە مێرددا خوێندراوەتەوە ، دوو پارچەی بە زمانی کوردی یە کە یەکەمیان بە شێوەی (موکری) یەو دووەمیان بە شێوەی (ماچۆ) یەو سێیەمیان بە فارسی یەو چوارەمیانیش بە تورکی یە ، بە پێویستی دەزانین دەق شیعرە کوردی یەکانی لێرەدا بلاو بکەینەوەو بیانخەینە پێش چاوی ئێوەی ئازیز .

«چامەی یەکەم بە شێوەی موکری»

شکا ، یەك عضوی ئەرکانی دەها ، میری سوخەندان رۆیی
ئەدیبی مامۆستای زەمان یەك پیر مەردان رۆیی
چ بولبول بۆ گوڵزاری سولەیمانی پەری ناگا
مەیاد تەنگ جێگەشی بوو بە واسع باغی بوستان رۆیی
پەری گیسوی خۆی هەر سونبولی هەر سۆسەن ئەبکەم بوو

دڵی عاشق بە غەم مینا شکا سەردار یاران ڕۆیی
چ تاریکی بەجێ هێشتو ئەما هەگامی ڕۆشنایی
لە بورجی بەرزی کوردستان عەجەب یەك بەدرێ تابان ڕۆیی
بە گریان . سینە بوریان سەر بەقورو جەولانی شاگەردان
ئەما ڕەونەق لە دەبوستان مورەبی دەبوستان ڕۆیی
لە مەشرەبدا قەڵەندەر تەبع . سەر ئەفرازو موستەغنی
عەزیزو خۆشەویست . پاك چاك کاکی خۆمان ڕۆیی
مەدەد ! ئەی ناخودا . تۆیی خودا دقەت لە کەشتی کە
عەجەب غەواسی دەریا گەردو دوری درەخشان ڕۆیی
شەفاعەت تابکا بۆ ئوممەتی خۆی (احمدی مرسل)
لەگەڵ ئیحسان بە دەرگاهی پێغەمبەر . پیرسەحبان ڕۆیی

«چامەی دووەم بە شێوەی ماچۆ - گۆران» .

ئیمشەو سەحەردا یەك بانگ خێزا
چە دمای ئا بانگ ماتەم وریزا
پرسیم : چە هاتف ئی ماتەم چێشەن ؟
واتش : مەپەرشە دەروونم ڕیشەن
تۆفیف پیرەمێرد لوان چە دنیا
پەی سلێمانی یاران واوەیلا
دیم (نالی) ئاما خاك بەسەر کەردەن
پیر مەردانو شاعیران مەردەن
(مەولەوی) دڵخوون سیا پۆش بییەن
هۆشیاران چە غەم وەك مەدهۆش بییەن
(ڕەنجووری) مەنەن بێ یارو بێ کەس
کەسی بێ کەسان بود فریاد ڕەس
(ئەختەر) چە کوێدا ئاما پەی تائین
مەگریۆ چە شین سەیید قەزوین
(ضاهر)و (کوردی) پەری غەمخوار
ڕۆحشان عەزاخوان چەشمشان خونبار
(ئەنوەری)و (بێدل) جگەرشان پڕ دوود
(حافظ)و (سەعدی) چە شیراز بێ خوود
بولبول چە گوڵشەن بییەن ڕەوزەخوان
گوڵ وەرەق ڕێزان چە باد خەزان
هەرکەس مەواچۆ پیرەمێردم ڕۆ
ئوستاد تەبیب ئەهل دەردم ڕۆ

مەحموود هیجری لەگەڵ شاعیری بەناو بانگی کورد «پیرەمێرد»دا پەیوەندیو دۆستایەتی هەبووە . هیجری گەلێ جار چووەتە سلێمانیو سەری لە پیرەمێرد داوەو میواندری کردووە . لە ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە (٤٠٨)ی ڕۆژی ٢٥ ئابی ١٩٣٤ی ز.دا پیرەمێرد بەم جۆرە بە خێر هاتنی هیجری دەکات :

(هیجری دەدە هات بۆ سلێمانی
(نشئەو نشیدە)و سمێڵی هانی
(خۆی زوو ڕۆیی‌یەوە شیعری جێ‌ماوە
(خۆیشیو شیعریشی بە ئاوودراوە

(هیجری لە ساڵی ١٩٣٥ی‌زدا کتێبێکی بە شیعری فارسی دەربارەی مێژووی ئەو سەردەمەی سلێمانی ئامادە کردو بە ناونیشانی (تحفەی سلێمانی)یەوە لە چاپیداو پیرەمێردیش بەم جۆرە پێشوازی ئەو کتێبەی کردووە کە دەڵێت :

«شاعیر هیجری دەدە توحفەی سلێمانی بۆ ناردین بەراستی توحفەیەکی توحفو یادگارێکی (الطفە) ئەجدادی سلێمانی زیندوو کردووەتەوە ئەشخاصی حاضریشی ئەژینی حەقێکی وای حستوەتە سەرمان بە هەرچەند بێ ئەبێ بیکرین» .

شاعیرمان لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەم ١٩٥٢ی‌ز چاوی لە یەك ناوەو کۆچی دوایی کردووەو ماڵ ئاوایی لە جیهانو ئەدەبو ئەدەب دۆستان کردووەو لە گۆرستانی (ئەبوعولگ) لە شاری کەرکوك بەخاك سپێرراوە .

**پەراوێز**

**سوپاسی هونەرمەند حوسێن عەلی کاکەیی دەکەم بۆ ئەوەی نەخشەیەی وێنەکەی مام ئەزەری کێشاوە .**